## کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان

# بەشداری کۆنفرانسی کۆمەلەی پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستانی کرد



گرتەیەك لەکۆنفرانسەکە    فۆتۆ: ئاوات کۆکەیی

درێژەی.. ل1

کۆنفرانس لەلایەن نوسینگەی کۆمیتەی باڵاوە بەکۆی دەنگ کۆنفرانس، شەرعەتی پێدرا لە راپۆرتەکاندا ئاماژە بە رۆڵی پێشمەرگە دێرینەکان درا لە پاراستنی ئاسایش و مافی سیاسیی مەدەنییەکانی گەلەکەمان داواکرا لە حکومەتی هەرێم زیاتر گرنگبدات بەو دەزگایەو لەرێگایەوە ماف و داخوازی پێشمەرگە دێرینەکان جێبە جێ بکات و بەبێ جیاوازی حیزبایەتی، تەوەرێکی تری کۆنفرانسەکە لەسەر گرنگیدان بە خێزانی شەهیدان و پێشمەرگەی کەم ئەندام وەستاو داوایی کردزیاتر گرنگیان پێبدرێت هەروەها کۆنفرانس، سوپاسی دەزگایی شەهیدانی کرد بۆ ئەم هەنگاوانەی ناویەتی بۆ خزمەتی بنەماڵەی شەهیدان و کەمئەندامان.

کۆنفرانس بڕیاری دا ناوی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبی شیوعی کوردستان بگۆڕێت بۆ ( ئەنجومەنی کاروباری پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبی شیوعی کوردستان) ئەمەش لەروانگەی یەگرتنیان لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان.

دوا قۆناغی کۆنفرانس بریتیبوو لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێ بۆ کاروباری پێشمەرگە دێرینەکان ، ئەنجومەنی نویان پێکهێنا لە ( حەمەرەشید قەرەداغی بە کۆی دەنگ هەڵبژێرا بۆ سکرتێری ئەنجومەن و هاورێیانیان (عەتا ئەحمەد- مەجیدحەمە فەرەج – ئیسماعیل سابیر- ئەنوەر مستەفا)) بۆ کارگێری ئەنجومەنەکە هەڵبژێردران.

هەر بەو بۆنەیەوە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەشدارانی کۆنفرانسەکە کرد، ئەمەش دەقەکەیەتی:

### بۆ/بەشدارانی کۆنفرانسی

### پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستان

..سڵاوێگیشۆڕشگێرانە

بەبۆنەی بەستنی کۆنفرانسەکەتانەوە، ئێمە لەئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، بەدەرفەتی دەزانین پیرۆزبایی بەستنی ئەم کۆنفرانسەتان لێبکەین و لەرێگەی ئێوەشەوە پیرۆزبایی لەسەرجەم پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان و بەتایبەتی بەشدارانی کۆنفرانسەکەتان،کە سەرجەمیان ئەو تێکۆشەرانەن لەرۆژە سەختەکانی بەرەنگاربوونەوەی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و دواتریشیان لەشۆرشی نوێی گەلەکەمان لەروو بەروو بوونەوەکانی رژێمی ئەنفال وکیمیا باران و جینوساید، بەشداری کاریگەرییان هەبووە، بکەین.

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، کەکۆمەڵەی سەرجەم پێشمەرگە دێرینەکانی حزبە تێکۆشەرو رەسەنەکانی گۆرەپانی خەباتی سەختی کوردایەتییە، هەڵبەتە پێشمەرگە دێرینەکانی حزبەکەشتان یەکێکن لەو لایەنانەی کەرۆڵێکی بەرچاویان لەدامەزراندنیدا هەبووە، ئێستاو ئایندەش بەهەمان نەفەسی شۆرشگێرانە ئەرکی پاراستن و داکۆکیکردنە لەسەرجەم ماف و داواکارییە رەواکانی سەرجەم پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە.

لەکۆتایدا ئەم هەلە بەدەرفەت دەزانین دووبارە پیرۆزباییتان لێبکەین و هیوای سەرکەوتنی کۆنفرانسەکەتان بۆ دەخوازین.

لەگەڵ رێزی دووبارەمان

**جەمیل هەورامی**

**سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان**

# پێشمەرگەی ئەنفال و سەکۆی ئازاد

**چالاك عەبدوڵڵا**

ساڵی 1988، ساڵێکی شوم و شکستێکی کاتی شۆڕش و هەروەها سەخت و بەفرێکی زۆر ناوچەی سەرکردایەتی و سنووری داگرتبوو، لەو کاتەدا سەرجەم تیپەکان و هێزی پێشمەرگە لەشەردا بوون، بەشێکی زۆریان بۆ دەرکردنی ماڵ و منداڵەکانیان چووبوونە ئێران، سەربازی هەڵاتوو خەڵکی ناوچەکانیش پێش کۆتایی هاتنی شەرەکان چۆڵیانکردبوو، بۆیە پێشمەرگەی تیپەکان و سەرکردایەتی کە لە دواوە دەرۆیشتن ئاگاداری وەزعەکە بوون، تیپەکان هەر لە شەردا بوون، کە بێ ئاگا لە ناوچەکانی خوارەوەی سنووری خۆیان، ئایا کە ماڵ و منداڵ و جەماوەرەکەی چی بەسەردا هاتووە؟

دەنگی نەمانی پێشمەرگەو پروپاگەندەی پیاو خراپ و جاش و موستەشارەکان هێندەیتر بووە هۆی کەمبوونەوەی پێشمەرگەو بەتایبەتی ئەوانەی گەرمیان و قەرەداخ کە هێشتا نەگەیشتبونەوە ناوچەکانیان و بەر لێشاوی ئەنفال کەوتن، سەرەرای ئەوەی کە لەکاتی ئەنفالەکاندا خۆشەویستی پێشمەرگە بۆ یەکتری دەیان منداڵ بەسەر شان و باوەشی پێشمەرگە دەرچوون کە منالی خۆیان نەبوو، بەڵکو هی خەڵکی ناوچەکان بوون.

بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لەو پێشمەرگانەی ئەو رۆژانە، ئەوانەی بەهۆی ئەنفالەوە یا بەهەر هۆیەکیتر لەهێزەکان دابڕان، ئێستا بە هۆی بژێوی ژیان و کەمدەرامەتی و نەخۆشی، بەتایبەتی لەرووی وەرگرتنی زەوی نیشتەجێبوون و خانەنشینکردنەوە، غەدری زۆریان لێکراوەو لەئەنجامدا بۆچارەسەری کێشەکانیان رۆژانە رویان لەسەکۆی ئازاد دەکرد، کە نزیکەی (700-1000) پێشمەرگە دەبوون، ئەوەبوو لیژنەیەکیان پێکهێناو خستیانە بەردەمی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و سەرۆکی حکومەت و فەرماندەیی گشتی وتادواجار لەلایەن بەرێز (مام جەلال)ەوە بڕیار درا کێشەکەیان چارەسەر بکرێ، بۆئەومەبەستە بارەگایەکیان کردەوە، بەڵام بە داخەوە ئەو لیژنەیە هاتن هەلەکەیان بۆ خۆیان قۆستەوەو جیاوازییەکیان بە ناوی پێشمەرگەی (دابڕاو دەرەجە دوو) دروستکرد.

چەند پێشمەرگەیەکیان دانا رۆژانە سکالاو داواو فۆرمیان بەوێنەوە لەپێشمەرگە وەردەگرت، کەچی بەو پێشمەرگانەیان دەوت تۆ دابراویت کارت لای ئێمە نی یە! کە رۆژانە چی ووتارو قسەو قسەڵۆك کە دەخوێنرایەوە لەلایەن لیژنەکەوە بوو، سا ئەگەر پێشمەرگە داوا یان سکالایەکی هەبوایە دەخوێنرایەوە.

هەر لەو پێشمەرگانە لیژنەیەکیان بۆپێدانی مۆڵەت ناردە لای بەرێز کاك (دانای ئەحمەد مەجید) ، زۆربەیان پێشمەرگەی دابراو بوون، کەپێکهاتبوون لەبەرێزان (هاورێ ئاراس , کاك بەختیار , کاك وەستا رەحیم)، لەئەنجامدا کاك دانا(500) دۆلاری بۆ خەرج کردبوون بۆ کارەکانیان، ئەی بۆ ئەوکاتە پێیان نەوتن ئێوە مەچن و دابراوون ؟ بەداخەوە ئەم لیژنەیە بوونە هۆی کوشتنی ئەو رۆحیەتە خۆشەویستییەی ناو پێشمەرگە کە زۆربەی پێشمەرگەکان پێیان رەت ناکرێتەوە.

ئەو پێشمەرگانەی کەئێستا پێیان دەڵێن دابراو، لەئەنفالەکاندا بەهۆی سەرقاڵیان بەشەرەکان و پاراستنی سەرکردایەتییەوە، ئاگایان لەماڵ و منداڵ و کەس و کاریان برابوو کەتێیاندا هەیە سەرجەم خێزانەکانیان تێداچوون لەو پرۆسە بەدناوە.

سەیرە! پێشمەرگەی شەرەکانی ئەنفالی 1988و بەشدار بووانی کارەساتەکان، ئەمرۆ کەسانێك پێیان دەڵێن، دابراوو پلەدوو، لەکاتێکدا ئەوە هەر خۆیان بوون لەودیوو رۆژانە پێیان رادەگەیاندین برۆنەوە، ئیتر نازانم سەرکردایەتیی و ئەوبەرێزانەی کەلەدانیشتنەکانی چارەسەرکردنی کێشەی پێشمەرگەی سەکۆی ئازاد ئامادەبوون، چۆن ئەوە قبوڵ دەکەن پێشمەرگەی دێرین بکرێت بەدووبەشەوە؟ لەکاتێکدا ئەوان زۆرینەی پێشمەرگەی دێرین پێکدێنن و هەر ئەوانەبوون خۆشەویستی جەماوەر، دەیان فەرماندەو کادیرو پێشمەرگەی ئازایان تێدایە کە برینداروکەمئەندام بوون، بەهۆی ئەو هەلاوێردکردنەوە، بژێوی ژیانیان بۆپەیدا ناکرێت.

# سکالایەك لە پێشمەرگەیەکی دێرینەوە

بەرێزان: من کەلە خوارەوە ناوونیشانم نوسراوە، فەرمانبەرێك بووم لە وەزارەتی کشتوکال و ئاودێری/ بەرێوەبەرایەتی کشتوکالی سلیمانی جاران لە زەمانی رژێم دا.

کاتی خۆی 12 ساڵ خزمەتی فعلیم هەبوو لەو وەزارەتەوە لەو بەرێوەبەرایەتیە، وە لە ماوەی ئەو 12 ساڵەدا 11 جار گوازراومەتەوە لەم لقی کشتوکالیەوە بۆ ئەو لقی کشتوکالی، هۆکەشی ئەوە بووە کە من بەعسی نەبووم وە ملم بۆیان کەچ نەکردبوو چونکە ئەو کات من یەکێك بووم لە رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی نهێنی ناوشار باڵی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. لەبەر ئەوە ئەو گواستنەوەیانەم لا ئاسایی بوو وەهیچ نیگەران نەئەبووم چونکە من لەگەڵ خەتی ئەواندا نەبووم بۆیە ئەوانیش ئەوە هەلوێستیان بووبەرامبەرم. ئەمە تا ئێرە ئاساییە، بەلام لەمەولا ئاسایی نییە من کەسێکی ئاوەها رابردوو پاك و خاوەن تێکۆشان، ئێستا نائاساییە پاش 30 سی ساڵ خزمەتی وەزیفەو پاش 14 ساڵ کاری رێکخستنی نهێنی ناوشارو پاش 4 ساڵ خەباتی پێشمەرگایەتی شاخ 1981 بۆ 1984 تازە بەتازە لەلایەن حکومەتێکی کوردی خۆمالیەوە کە من پشتم پێوەی شکاوە بۆ هێنانەدی رۆژێکی واو حکومەتێکی وا کەچی ئێستا پاداشتەکەم وەرگرتەوە ئەویش ئەزانی چی ئەو پاداشتە..؟ ناوم خراوەتە لیستی (فائز)ەکانەوەو بەبێ ئاگاداری و رەزامەندی خۆم...!!

ئیتر سوپاس بۆتان.

**جەلال عەبدوڵڵا سلێمان**

**(جەلال دیموکرات)**

# هەمووگمان پێشمەرگە بووین

دەمەوێت وەڵامی هەموو ئەکەسانە بدەمەوە کەبەهەڵە شتەکان باس دەکەن بەتایبەتی لەسەر ناساندنی پێشمەرگە.

هەر لەسەرەتای دروست بوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە، واتە لەدوو نەفەر بەرەو زیاتر، پێویست دەکات کاروفەرمان دابەش بکرێتن جا لە هەر بوارێك دابێت، لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتوانێت چەند کارێك بخاتە ئەستۆی خۆی، چ لە ناو کاروباری کۆمەلایەتی یان سیاسیبیت ، بۆیە دەبێت کارەکان دابەش بکرێن. هەرکەسەی بەپێی تواناو لێهاتووی خۆی، کە ئەمە یاسایە کەکەس ناتوانێت بەزۆر بەسەر کەسی ترەوە بیسەپێنی .

بێینەوە سەر سەرەتای باسەکە، ئەوەیە کاتێ کۆمەڵێك بیروبۆچون یان بلێین کۆمەڵێك مرۆڤ ویستیان کارێك ئەنجام بدەن، دەبێت ئەم کارە دابەش بکرێ بەپێی شارەزایی و هەڵسەنگاندن.

کاروباری پێشمەرگایەتی هەر ئەوە نەبووە تەنها تفەنگ هەڵبگریت و هیچ کارێکی تر نەکات و بڵێت تەواو، بەڵکو کۆمەڵێك کارهەبوون بەسەر هەموو لایەك دابەش دەکرابوون، هەر لەکاروباری سیاسیی و سەربازی، ئیداری، رێکخراوەیی، راگەیاند، کۆمەلایەتی،...هتد.

هەربەشەی فەرمانی خۆی جێبەجێدەکردو بەهەر هەمووشیان دەگوتن (پێشمەرگە) تەنها کارەکانیان جیاواز بوو، ئەوەی شارەزایی لەئیداری هەبوایە لەوانەیە توانای کارەکانی وەکو فەرماندەیەکی سەربازی ئەنجام نەدابایە، ئەوەی توانای کاروباری کۆمەلایەتی هەبوایە لەوانەیە نەیتوانیبێت پلانی سیاسی دابنێت. بۆیە هەرکەسی دەیەوێت بەمانای جیاواز باس بکات فلان کەس کادیر بووە، یان لەبەشی راگەیاندن بووە، یان لەکەرتێك و تیپێك نەبوبێ پێشمەرگە نەبووە، کە ئەوەیان زۆر هەڵەیە چونکە زۆر شوێنی گرنگیان بووە، وەك رێکخستنی خەلك و ئیدارەکردن یەکێکە لەهەرە کارە زەحمەتەکان، چونکێ ئەگەر هەموو بە یەکەوە تەشکیلات رانەپەرێنن ئەو کۆمەڵە کە خەریکی کارێکن ناتوانن سەرکەوتن بە دەست بهێنن، کەوابوو بەکۆی خەباتی هەموو پێشمەرگەکان ئەوجا توانراوە سەرکەوتن بەسەر دوژمن بەدەست بهێنن، ناکرێ ئیمتیازەکان جیا بکرێنەوە.

**مەحەمەد قامیشی**

# ئازاری پێشمەرگەیەك

من... کە (پ.م)ی ئەم کوردستانەم بە فیعلی ماوەی "25" ساڵ لە خەباتی پێشمەرگانەدا دژی رژێمی داگیر کەری بە عس خەباتم کردوە کە لەساڵی (1979) وە تاکو (2003) چەندین بەپرسیارێتیم پێ سپێردراوە بێ ئەوەی کەمتەر خەمیم لە ئەرکەکەما کردبێ و بێ هیچ دوو دلیەك بە ئامانەتەوە ئەرکی خۆمم گەیاندۆتە ئامانج تا ئەوساتە وەختەی کە لەساڵی (2003) بە بڕیاری (ف.گ.ه.پ.ك) خانەنشین کرام ... هاوکات لەساڵی (1998) وەك پاداشت زەوییەکم وەرگرت بەڵام لەبەر نەبوونی و کەم دەرامەتی ژیانی ماڵ و منالم نەم توانی وەك پێویست سوودمەند ببم لێی و ژیانی خێزانیم هەر لە کرێ چێتیدا بەسەر برد وەتاکو ساتە وەختەی کە پێنووسم خستە سەر ئەم پارچە خامەیە بۆ رۆژنامەی (دێرین) هەر لەو سۆنگەیەوە کە من باسی ئازاری خۆمتان بۆ دەکەم بۆ ئەو کەسەیە کە خەم خۆری پێشمەرگەیە، بێت بەتەنگ ئازارەکانمانەوە، وەهەمان مەعانات دەخەمە بەر گوێ بیستی ئەو کۆمەڵەیە کە پێی دەوترێت.... (ئەنجوومەنی باڵای پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان) کە ئازارەکانی ئێمەی (پ.م) پێشنیار بکەن بۆ پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ (پ.م) کرێچی و لەو خەمە گەورەیە رزگاریان بکات، چونکە گەر ئاورێك لە مێژووی سەروەریەکان بدرێتەوە پێویستە بەرپرسانیش هاوبەشی خەمەکانیان بن من وەك (پ.م) داواکارم کە بەدەم چارەسەری کێشەکەمانەوە بێن وەکو کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان و چارەسەرێکی بەپەلە بکەن، چونکە رۆژانە رووبەرِوی دەرکردن دەبینەوە هیوادارین کۆمەڵەکەمان بە خێراییەوە بە تەنگمانەوە بێت.

لەگەڵ رێزو وەفادا...

**زاگرۆس**